
NHS
National Services Scotland

# وەرگرتنی گواستنەوەی خوێن

**زانیاری بۆ نەخۆشەکان و خانەوادەکانیان، چاودێریکار و سەرپەرشتیکارەکان**

زانیاری گرینگ بۆ هەموو ئەو نەخۆشانەی کە لەوانەیە پێویستیان بە گواستنەوەی خڕۆکەی سوور، پلەتلێت یان پلازما بێت.

زانیاری زیاتر بۆ پێکهاتەی خوێن، گروپی تایبەتی نەخۆش و منداڵی تەمەن بچووکتر دەتواندرێت دەستبخرێت لە ڕێگەی خزمەتگوزاری خۆجێیی گواستنەوەکەت.



SCOTTISH NATIONAL BLOOD TRANSFUSION SERVICE®

## ئەمناميلكە ئەمە ڕووندەكاتەوە كە بۆ پێویستە گواستنەوە بەشەكانی خوێن وەكو خڕۆكەی سوور، پلەتلێت یان پلازما پێویستە.

وەکو هەمووو چارەسەرکردنێکی پزیشکی، خوێن گواستنەوە پێویستە ئەنجامبدرێت تەنها لە حاڵەتی پێویست و دوای لێکۆڵینەوەی وورد. مەترسی خوێن گواستنەوە هاوسەنگ دەبێت لە بەرامبەر مەترسی خوێن نەگواستنەوە.

لە حاڵەتی ئیمێرجنسی، لەوانەیە نەتواندرێت هەموو بژاردەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، پزیشکەکەت باسی خوێن گواستنەوەکەت لەگەڵ دەکات بەزووترین کات دوای ئەنجامدانی.

ئەگەر کارتێکت هەیە کە لەسەرەی نووسراوە کە پێویستە جۆرێکی خوێنی تایبەتت پێویستە، یان ئەگەر ئەمە دەزانیت لە حاڵەتی پزیشکی پێشووت، تکایە کارتەکە بە ئەندامێکی تیمی چاودێری نیشانبدە بە زووترین کاتی گونجاو و داواشی لێبکە بە تاقیگەی خوێن گواستنەوەی نەخۆشخانە بڵێت.

## لەبەرچی لەوانەیە من پێویستم بە خوێن گواستنەوە بێت؟

**خوێن پێکهاتووە لە چەندین خانە و پێکهاتەی جیاواز:**

- خڕۆکە سوورەکان ئۆکسجین دەگوازنەوە بۆ بەشەکانی لاشە، کێشە لە تەندروستی خڕۆکەیەکی سووری خوێن پێی دەوترێت ئەنیمیا. گواستنەوەی خڕۆکەی سوور بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت بەهۆکاری کەمی خانەکانی خڕۆکەی سوور لە خوێندا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەندامە خاوەکان (درووستکەر)ی لاشە کەمن، بڕی پێویستیان لێ درووست ناکەن یاخود لەبەر لەدەستدانی خوێن. لە هەندێک حاڵەتدا، دەتوانرێ ئەنیمیا چارەسەربکرێت لەڕێگەی هەندێک دەرمانی وەکو ئاسن (ئایرۆن)، لە حاڵەتی تردا باشترین چارەسەر گواستنەوەی خوێنە، یان تاکە بژاردەیە.
- پەڕەی وردی خوێن خانەن لەناو خوێندا کە ڕێگری دەکەن لە خوێن بەربوون وە یارمەتی خوێن دەدەن لە مەییندا. گواستنەوەی پەڕەکانی خوێن لەوانەیە پێویست بێت بۆ زیادکردنی پەڕە ووردەکانی خوێن لە خوێندا یاخود بۆ جێگرتنەوەی پەڕە ووردەکانی خوێن کە بەباشی کارناکەن ئەمیش بۆ چارەسەرکردن یان ڕێگری کردن لە خوێن بەربوون.

- پلازما شلەیەکە لەناو خوێندا کە خانەکانی خوێنی هەڵگرتووە لەناو لەشدا. گواستنەوەی پلازما دەکرێ پێویست بێت بۆ چارەسەرکردن یان ڕێگری کردن لە خوێن بەربوون ئەگەر هۆکارەکانی مەیینی خوێن کەم بوون لە لەشدا. پێکهاتەکانی پلازما بریتین لە پلازمای نوێی بەستوو (FFP)، چەندین هۆکاری جیاوازی خوێن مەیینی تیادایە، ساردەنیشتوو (cryoprecipitate)، کە بەشێوەیەکی سەرەکی هۆکاری خوێن مەیینی تیادایە کە پێی دەوترێت فیبرینۆگێن (fibrinogen).

**زۆربەی خەڵک دەتوانن خۆیان ڕابێنن لەگەڵ خوێنبەربوونی مامناوەند بەبێ بوونی پێویستی گواستنەوەی خوێن، چونکە بە تێپەڕبوونی کات لەش خانەی نوێی خوێن و پلازما درووست دەکات بۆ جێگرتنەوەی ئەوەی کە لەدەستچووە.**

هەرچەندە ئەگەر بڕێکی زیاتری خوێن لەدەستچوو، ئەوا گواستنەوەی خوێن لەوانەیە باشترین ڕێگابێت بۆ ئەوەی بەخێرایی شوێنی خوێنە لەدەستچووەکە بگیرێتەوە. پێکهاتەکانی خوێن لەوانەیە بەکاربهێنرێن بۆ جێگرتنەوەی خوێنی لەدەستچوو لە نەشتەرگەری گەورەدا، ئەمەش لەکاتی ڕووداوە لەناکاوەکان و وە بۆ حاڵەتی لەناکاوی منداڵبوون.

هەندێکجار مۆخی ئێسک، کە خانەکانی خوێن درووست دەکات، بەباشی کارناکات. ئەمەش دەکرێ بەهۆی نەخۆشی یان چارەسەر وەرگرتن بێت وەکو چارەسەری کیمیایی یاخود چارەسەری تیشکی. ئەمەش لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتی یان درێژخایەن بێت. لەم حاڵەتەدا، پلانێکی چارەسەر دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی چارەسەرە تایبەتەکانت.



## ئایا گواستنەوەی خوێن تاکە بژاردەیە؟

پزیشک یان پەرستاری تۆ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی پێویستیت بە گواستنەوەی خوێن هەیە و هەروەها مەترسییەکان و سوودەکان، وە هەر چارەسەرێکی تری جێگرەوە ئەگەر هەبن لەگەڵتدا باس دەکات. ئەوە گرنگە کە تۆ تێبگەیت بۆچی گواستنەوەی خوێن داواکراوە وە تۆ هەلی ئەوەت هەبێت کە پرسیار بکەیت.

ئەگەر نەخۆشی ئەنیمیای تۆ بەهۆکاری نزمی ئاستی ئاسن بێت لە خوێندا، ئەوا وەرگرتنی تەواوکاری ئاسن لەوانەیە پێویستی گواستنەوەی خوێن کەمبکاتەوە. تکایە لەگەڵ پزیشکی خۆت گفتوگۆ بکە ئەگەر ئەمە بژاردەیەکی درووستە لات.

وەکو کەسێکی گەورە (پێگەیشتوو) تۆ مافی ئەوەت هەیە کە گواستنەوەی خوێن ڕەتبکەیتەوە، بەڵام دەبێ لە دەرەنجامەکانی ئەم بڕیارە تێبگەیت. هەندێک چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری ناتوانرێ بە سەلامەتی ئەنجام بدرێن بەبێ گواستنەوەی خوێن. لە منداڵاندا، وە لەو نەخۆشانەی کە ئاستەنگیان هەیە لە تێگەیشتنی زانیارییە ئاڵۆزە پزیشکییەکان، تیمی پزیشکی هاوتا لەگەڵ نەخۆش و خانەوادەکانیان یاخود سەرپەرشتیاریان کاردەکات بۆ گەیشتن بە بڕیارێک کە لە بەرژەوەندییاندا بێت.

ئەگەر تۆ نەشتەرگەریت هەبێت، لەوانەیە گواستنەوەی خوێن پێویست بێت، بەڵام دەکرێ خوێنی خۆت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە لەکاتی نەشتەرگەریدا بە پڕۆسەیەک کە پێی دەوترێت ڕزگارکردنی خانە (cell salvage). پرسیار لە تیمی چاودێری تەندروستیت بکە دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەم پڕۆسەیە بەردەستە، ئەگەر هەبێت ئایا بۆ تۆ گونجاوە.

هەروەها، ئەو دەرمانانەی کە مەیینی خوێن باشتر دەکەن، وەکو ترانێکزامیک ئەیسید (tranexamic acid)، هەندێجار بەکاردەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی خوێنبەربوون، ئەمەش پێویستی گواستنەوەی خوێن کەمدەکاتەوە.

## ئایا دەتوانم چی بکەم بەرلە نەشتەرگەری بۆ کەمکردنەوەی پێویستی گواستنەوەی خوێن؟

ئەگەر پلانت وایە کە نەشتەرگەری ئەنجام بدەیت کە تیایدا لەوانەیە هەندێک خوێن لەدەست بدەیت، دەبێ پشکنین ئەنجام بدەیت بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ئەنیمیات هەیە یاخود نا. لەوانەیە ڕێنمایی بکرێیت کە تەواوکاری ئاسن وەربگریت چەند هەفتەیەک پێش نەشتەرگەری – پرسیار لە پزیشکی خۆت بکە لە نۆڕینگەدا یاخود لە پزیشکی گشتی ئەگەر

ئەمە تۆ دەگرێتەوە. هەروەها دەتوانی یارمەتیدەربیت بەوەی کە ئەو خواردنانە بخۆیت کە ماددەی ئاسنیان تێدایە. ژەمێکی جۆراوجۆر و هاوسەنگ بەشێوەیەکی ئاسایی بڕێکی پێویستی ئاسنی تێدایە.

ئەگەر تۆ دەرمانی وارفارین (warfarin) یان هەر دەرمانێکی دژە مەیین، ئەسپیرین یان هەر شتێکی تری دژە پەڕەی خوێن وەردەگریت (ئەمانە هەمووی دەگەڕێنەوە بۆسەر دەرمانەکانی "لاوازکردنی خوێن")، لە پزیشکەکەت بپرسە کە ئایا پێویستە واز لەم دەرمانانە بهێنی پێش نەشتەرگەری یاخود نا. وەستاندنی ئەم دەرمانانە لەوانەیە ببێتەهۆی کەمبوونی بڕی خوێنبەربوون، بەڵام دەکرێ بتخاتە مەترسی زیاتری کێشەی تر. پێویستە قسە لەگەڵ پزیشکی خۆت بکەیت بەر لە وەستاندنی هەر دەرمانێک.

## چۆن گواستنەوەی خوێنم بۆ دەکرێت و هەستم چۆن دەبێت؟

بەشێوەیەکی ئاسایی گواستنەوەی خوێن ئەنجامدەدرێت لەڕێگەی بۆڕی ڕاستەوخۆ بۆ دەمارێک لە قۆڵدا. لە هەندێک حاڵەتدا، گواستنەوەی خوێن ئەنجام دەدرێت لەڕێگەی دەماری قەستەرەی ناوەندی (central venous catheter)، بەتایبەتی ئەگەر یەکێک لەمانە دانرابێت وەکو بەشێک لە چارەسەرکردنی حاڵەتەکەت.



بۆ دیاریکردنی بڕی خوێنی پێویست بۆت، پێویستە کێشت تۆماربکرێت. لەوانەیە زیاتر لە کیسەیەکی خوێنت پێ بدرێت وەکو بەشێک لە چارەسەرکردنت. لەوانەیە 4 کاتژمێر پێویست بێت بۆ گواستنەوەی کیسەیەک لە خڕۆکە سوورەکان هەرچەندە دەکرێ بە سەلامەتی ئەم پڕۆسەیە خێراتر بکرێت ئەگەر پێویست بێت. گواستنەوەی پلازما و پەڕەی خوێن بەشێوەیەکی ڕۆتینی 30 خوولەک و 1 کاتژمێری پێویستە بۆ هەر کیسەیەک.

چاودێریکردنی وەکو پلەی گەرمی، لێدانی دڵ و پەستانی خوێن پێشوەختە، لەکاتی وە دوای گواستنەوە تۆماردەکرێن، وە بەوردی چاودێری دەکرێیت لەمیانی پڕۆسەکەدا. زۆربەی خەڵکی هەست بە هیچ شتێکی نائاسایی ناکەن لەکاتی گواستنەوەدا.

## ئەو مەترسییانەی کە پەیوەندییان هەیە بە گواستنەوەی خوێن

گواستنەوەی خوێن کردارێکی باوە کە دەتوانێ ژیان ڕزگار بکات یان باشتر بکات، یاخود ڕێگربێت لە مردن لەبەر ئەوەی کە گواستنەوە کارێکی زۆر دەگمەنە.  زۆربەی ئەو نەخۆشانەی کە گواستنەوەی خوێن وەردەگرن تووشی هیچ ئاستەنگی یان کێشەیەک نابن.

**هەرچەندە، هەندێک مەترسی هەن کە پەیوەندییان بەمەوە هەیە، کە ئەمانیش لە چوار بەشی سەرەکیدان**

### هەڵە لە ناسینەوەی پەڕەی خوێن

چەندین پشکنین هەن بۆئەوەی گواستنەوەی خوێن بە سەلامەتی ئەنجام بدرێت. ستاف هەڵدەستێ بە هەنگاوەکانی ناسینەوەی ورد بۆئەوەی کە دڵنیابن لەوەی تۆ پێکهاتەی درووستی خوێن وەردەگریت کە سەلامەتە بۆت.

بەر لە گواستنەوەی خوێن، نموونەیەکی خوێن وەردەگیرێت بۆ هاوتاکردنی خوێنەکە. وردەکاری ناسنامەت دەبێ لەناو تیوبێکی (tube) نموونە دابرێت بە ئامادەبوونی خۆت. تۆ داوات لێدەکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوی تەواوت وە بەرواری لەدایکبوونت، وە ئەمە دەپشکنرێت لەبەرامبەر باندی ناسنامەت (بۆ هەموو ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشخانەدا دەخەوێنرێن) وە داواکاری جۆری خوێن یان هاوتاکەی. ئەم پشکنینە بۆ دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە نموونەکە لە کەسە درووستەکە وەرگیراوە.

پۆشینی باندی ناسنامە گرنگە بۆ هەموو نەخۆشەکان کە گواستنەوەی خوێن وەردەگرن. بەرلەوەی کە خوێنەکە وەربگریت، دووبارە پرسیارت لێ دەکرێت دەربارەی ناوی تەواو و بەرواری لەدایکبوون. ئەم زانیارییە دەپشکنرێت لەگەڵ باندی ناسنامە و کیسەی پێکهاتەکانی خوێن و ڕەچەتە. ئەگەر هەر وردەکارییەک یان سپێلینگی سەر باندی ناسنامەکەت هەڵەبوو ئەوا ئاگاداری ستافەکە بکەوە.

## ناسنامەی درووست زۆر گرنگە

تکایە ئاسوودەبە لەوەی کە بەبیری ئەندامی ستافەکە بهێنیتەوە کە پرسیار بکات دەربارەی ئەم زانیارییە ئەگەر پرسیاریان نەکرد.

## کاردانەوەکان

زۆربەی خەڵک هەست بە هیچ جیاوازییەک ناکەن لەمیانی گواستنەوەدا. تیمی چاودێری تەندروستی پێت دەڵێن کە چاوەڕوانی چی بکەیت. گرنگە کە تۆ ئاگاداری ئەندامێکی ستافەکە بکەیت ئەگەر هەر نیشانەیەک سەریهەڵدا لەکاتی یان دوای گواستنەوەدا. هەندێک کاردانەوە لەوانەیە بەدیاربکەون لەدوای چەند کاتژمێرێک تا چەند ڕۆژێک دوای گواستنەوەکە. کاردانەوەی توندی گواستنەوەی خوێن زۆر دەگمەنە، بەڵام ئەگەر سەریهەڵدا، ستافەکە ڕاهێنراون لەسەر ئەوەی کە بیانناسنەوە و چارەسەریان بکەن.

هەندێک خەڵک لەوانەیە تووشی تایەکی سووک، لەرز، هەستی سوورهەڵگەڕان یاخود هەستیاری پێست ببن، کە ئەمەش بەهۆی کاردانەوەی سووکی بەرگرییە یان هەستیارییە. ئەمە بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، بۆ نموونە لەڕێگەی پێدانی پاراسیتامۆڵ یان ئەنجامدانی گواستنەوە بەشێوەیەکی هێواشتر.

تیمی چاودێری تەندروستی هەروەها هەڵسەنگاندن دەکەن بۆئەوەی بزانن کە ئایا تۆ مەترسی کۆبوونەوەی شلە لە سووڕانەوەی خوێن بوویت، ئەم پێوانەیە دەکرێ ئەنجامبدرێت بۆ ڕێگریکردن لەمە. تۆ چاودێری دەکرێیت لەمیانی گواستنەوەکەدا، ئەمیش لەبەر بوونی هەر نیشانەیەکی هەناسەتەنگی. ئەم نیشانەیە زۆر بە ڕژدی وەردەگیرێت، بۆیە دەبێ یەکسەر ئەندامێکی ستافەکە ئاگاداربکەیتەوە ئەگەر هەر کێشەیەکی هەناسەدانت هەبێت، بۆئەوەی کە لە نزیکترین دەرفەتدا چارەسەرت پێ بدرێت.

ئەگەر دوای گواستنەوەی خوێن بچیتەماڵەوە، داوا لە تیمی چاودێری تەندروستی بکە دەربارەی زانیاری ئەوەی کە چی بکەیت و داوای پاڵپشتی و ڕێنمایی لە کێ بکەیت ئەگەر هەر نیشانەیەک سەریهەڵدا.

## تووشبوون

پێکهاتەکانی خوێن بەخشراون لەلایەن خۆبەخشی سەلامەت و پارەپێنەدراو، وە مەترسی یەکەیەکی تووشبوو بۆ دابینکاری خوێنی بەریتانیا زۆر لاوازە. بەخشەرەکان پرسیارنامەیەکی تەندروستی پڕدەکەنەوە هەموو جارێک کە خوێن دەبەخشن وە بەخشینەکانی خوێن هەموو کاتێک دەپشکنرێن بۆ ژمارەیەک ئەگەری تووشبوون، لەوانە هەوکردنی جگەر C ،B وە E هەروەها بۆ نەخۆشی ئایدز HIV. ئەمەش ئەگەری گواستنەوەی هەر نەخۆشییەکی گوازراوە زۆر لاواز دەکات، بەڵام ناتوانرێ مەترسییەکە بەتەواوی نەهێڵرێت.

- مەترسی لە پشکنینەکەدا بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەکی ڤایرۆسی بەرچاو لە ناو یەکەی خوێندا بریتیە لە کەمتر لە 1 لە ملیۆنێکدا (هەوکردنی جگەر B کەمترە لە 1 لە 1 ملیۆندا، نەخۆشی ئایدز و هەوکردنی جگەر C کەمترە لە 1 لە 10 ملیۆندا)

- ئەگەری هەبوونی نەخۆشی کروتەزفێڵد-جاکۆب ((Creutzfeldt-Jakob (vCJD)) ی جیاواز لە گواستنەوەدا زۆر لاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە خوێن لەو بەخشەرانە وەرناگرین کە لەوانەیە مەترسی (vCJD) یان زیاتر بێت. **لەبەر ئەم هۆکارە، هەر کەسێک کە گواستنەوەی خوێن یان هەر پێکهاتەیەکی تری خوێنیان بۆ کراوە لەوەتەی ساڵی 1980 لەئێستادا ناتوانن خوێن یان پێکهاتەکانی خوێن ببەخشن.**

- دەکرێ بەکتریا خانە سوورەکان یان پێکهاتەکانی خوێن پیس بکات (تووشی نەخۆشی بکات). ئەمەش دەکرێ ببێتە هۆی کاردانەوەیەکی ترسناک بۆسەر هەر نەخۆشێک کە یەکەی پیسبووی وەرگرتبێت. ئێمە بە ڕژدی کاردەکەین بۆ ڕێگەگرتن لەم کارە، وە لەئێستادا مەترسییەکان وەکو ئەو تووشبوونانەن کە لە سەرەوەدا باسکراون.

## ئاستەنگەکانی گواستنەوەی ماوە-درێژ

هەندێک نەخۆش پشتدەبەستن بە گواستنەوەی خوێن بۆ مایەکەی درێژ. ئەمەش ئەم نەخۆشانە دەگرێتەوە، تالاسیمیا، نەخۆشی خانەی داس یاخود بێتوانایی مۆخی ئێسک. گواستنەوەی دووبارەکراو دەکرێ نەخۆشەکە بێتوانا بکات لە بەرامبەر ئاستەنگەکاندا وەکو کەڵەکەبوونی ئاسن و گەشەکردنی دژەتەن. تیمی پزیشکیت دەتوانن زانیاریت پێبدەن لەسەر ئەوەی کە چۆن مەترسییەکانی ئەمانە دەکرێ کەم بکرێنەوە، وە دەربارەی چارەسەرە بەردەستەکان.

## ئایا دەتوانم خوێنم ببەخشم بە منداڵەکەم یان خزمێکم؟

نەخێر، تۆ ناتوانی، چونکە هەندێ مەترسی دیاریکراو هەن کە پەیوەندیدارن بە گواستنەوەی خوێن لە خزمێکەوە کە وا لەو خوێن بەخشینە دەکات مەترسی زیاتر بێت لەوەی خوێن وەربگریت لە کەسێک کە پەیوەندی خزمایەتیت لەگەڵیدا نەبێت.






## ئەو مەترسییانەی کە تایبەتن بە تۆ

تیمی چاودێری تەندروستی دەبێ گفتوگۆ بکەن دەربارەی هەر مەترسییەکی تر یان دوودڵی تر کە بەتایبەتی بۆ تۆ گرنگن. **کە ئەمەش لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە:**

- کاریگەری لەسەر کێشە تەندرووستییەکانی ترت
- کاریگەری لەسەر بژاردەکانی چارەسەری داهاتووت
- پابەندییە ئایینی و ئەوانەشی کە پەیوەندییان نییە بە لایەنی پزیشکییەوە
- ترسان لە دەرزی، دڵەڕاوکێ دەربارەی هەستکردنی بە هەستیاری زۆر لەکاتی بینینی خوێندا یان بوونی ڕووداوێک لە ڕابردوودا لەبارەی گواستنەوەی خوێن
- تیمی چاودێری تەندروستیت پێکهاتەیەکی تایبەتی خوێنیڕاسپاردە کردووە لەسەر بنەمای چەندین هۆکار کە پەیوەندیدارە بە چارەسەرکردن یان حاڵەتی تۆ.

بەرلەوەی ڕەزامەندی بدەیت لەسەر وەرگرتنی گواستنەوە، ئایا تێدەگەیت لەوەی بۆچی پێویستیت بە گواستنەوەی خوێن هەیە؟ وە ئایا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانیت؟




تکایە بە تیمی چاودێری تەندروستیت بڵێ دەربارەی هەر دوودڵییەک کە هەتبێت. گرنگە کە ئەم دوودڵی و دڵەڕاوکێیانە بڵێیت، ئەوان وا بیرناکەنەوە کە ئەم دوودڵیانە بێنرخن یان گرنگ نین.

## ئەرکی شەفافی

خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی خوێنی بەریتانیا پابەندە بە ئەرکی ڕێسای شەفافی. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی کراوە و شەفاف مامەڵە دەکەین کاتێک ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو یان بێ مەبەست ڕوویدات، کە وا دەربکەوێت ببێتە مایەی زیانگەیاندن یان مردن کە پەیوەندی ڕاستەخۆی هەبێت بە گواستنەوەکە. تکایە لە تیمی چاودێری تەندروستیت بپرسە بۆ زانیاری زیاتر یان سەردانی ئەم وێبسایتە بکە:-
**Duty of candour - GOV.UK (www.gov.uk)**

## پەیوەندیمان پێوەبکە

ئەم نامیلکە ئامادەکراوە لەلایەن تۆڕی خوێن گواستنەوەی شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا و ئێرلەندا لە جیاتی خزمەتگوزاریەکانی خوێن گواستنەوە 4 شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا. ئەگەر ئەم نامیلکەیەت بە فۆرماتێکی جیاواز دەوێت یان داواکاری زیاترت هەبوو، ئەمە دەتواندرێت بەدەستبهێندرێت بە پەیوەندیکردن بە:

**سکۆتلەندا**
بۆ داواکردنەوە
phs.generalpublications@phs.scot

بۆ فۆرماتی جیاواز
nss.communications@nhs.scot


| | |
|---|---|
| ژمارەی ڕیفرێنس | NATL146 01 |
| بەرواری بڵاوکردنەوە | 06/07/2021 |
| بەرواری پێداچوونەوە | 06/07/2024 |

کاریگەر: 06/07/2021



Scottish National Blood Transfusion Service
NHS Blood and Transplant
Northern Ireland Blood Transfusion Service
Gwasanaeth Gwaed Cymru Welsh Blood Service